# بەمەرگی ڤالآنتاین ڕۆژی خۆشەویستی لەدایك بوو!

ڕێزان کەریم

چەند حیکایەتێکی جیاواز بەکات و مێژووی جیا جیاوە وەهەروەها باس لەچەند کەسایەتیەك دەکرێت سەبارەت بە ڕۆژی ڤالآنتاین بەلآم پێدەچێت نزیکترین راسترینیان ئەم سەرگوزستە کوورتە بێت ، ڕۆژی ڤالنتاین ئەو ڕۆژەیە کە بەرۆژی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان ناو زەد کراوە ، بەلآم هاوکاتیش ئەم ڕۆژە بەوەش ناسراوە کە ڕۆژی لەسێدارە دانی پیاوێکە ، قەشەیەکی کاسۆلیك بەناوی St. Valentine لەسالی 270 بەهۆی مارە کردنی دوو دڵخوازی یەکتر بەشێوەیەکی نیهێنی و بەردەوام بوونی لەمارە بڕینی ئەو کچ و کوڕانەی کەیەکتریان خۆش ئەویست لەیەکتری ، لەلایەن ئیمبراتۆر " کلآودوێزی دوو " وە بڕیاری مەرگی بەسەردا درا ، کلآودوێز بۆیە ڤالآنتاینی لەنێو برد چونکە کێشەی بۆ سوپاکەی درووست کرد ، ئەو پیاوانەی کە هاوسەریان پەیدا کرد چیتر ڕازی نەبوون پەیوەست بن بەسووپاوە ، لەبەر ئەوەی پەویست بوونیان بە سووپاکەی کلآودوێز وە ناچاری دەرکردن کە هاوسەرەکانیان بەجێ بهێڵن . لەو ماوەیەی کە ڤالآنتاین چاوڕوانی جێبەجێکردنی بڕیاری مەرگی بوو ، کۆمەڵێکی کچ و کوڕی لاوی زۆر بەبەردەوامی سەردانیان دەکرد ، یەکێك لەو کچە لاوانەی کە بەبەردەوامی سەردانی ڤالآنتاینی دەکر کچی یەکێك لە بەرپرسیارانی زیندانەکەی بوو ، ئەو کچەو ڤالآنتاینی قەشە تا دوا ڕۆژەکانی مەرکی ڤالآنتاین زیاتر و زیاتر لەیەك نزیك دەبوونەوە ، لە دوا ڕۆژدا چەند ساتێك پێش ئەوەی ڤالآنتاین لەسێدارە بدرێت تاکە شتێك کە بۆ هاوڕێ نزیکەکەی بەجێهێت سوپاس و پێزانینێکی زۆر بوو سەبارەت بەهاوڕێتیەکەیان و دواتریش نووسی بووی " "Love your Valentine." واتا خۆشەویستەکەت خۆش بوێت سەرگوزشتەی گۆڕینەوەی سۆزی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان دەگەرێتەوە بۆ ئەو پەیامە کورتەی ڤالنتاینی قەشە کە بۆ هاوڕێ کچەکەی نووسیبووی .

---

سەرچاوە

**http://www.answers.com/main/ntquery;jsessionid=828luo9jnpb4q?method=4&dsid=1538&dekey=V0010600&gwp=8&curtab=1538_1&sbid=lc01b**